**سەبارەت بە راسپاردەی سەپاندنی ئابلووقە بەسەر کوردستاندا،**

**کورد، لە دوای 1991ەوە دوو ئابلووقەی خرایە سەر، لێ خۆی گرت و نەچەمایەوە!**

**ئاسۆ کەریم**
Aso2karim@yahoo.com

**ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، لە کۆبوونەوەی رۆژی 24ی مانگدا رایسپارد، حکوومەت "رێوشوێنی ئابووریی پێویست دژی ئەو گروپانە بگرێتەبەر کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پشتەوانی رێکخراوی تیرۆریستی جیاخواز لە ناوچەکە دەکەن".**
**دیارە ئەوە راسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایشە کە سوپا هژمونی بەسەردا هەیە، داخوا حکوومەت ئەو راسپاردەیە جێبەجێ دەکا یان نا، ئەوە شتێکی ترە؟ چونکە هەر زوو، رەجەب تەیب ئۆردوگان گوتی نابێ، ئەو رێوشوێنە، خەڵکی بێتاوان بگرێتەوە!**
**بەپێی راپۆرتی رۆژنامەوانی، رەنگە ئەم راسپاردەیە، بخرێتە خشتەی کۆبوونەوەی حکوومەت کە بڕیارە لە 30ی مانگدا بکرێ. سوپا پێی وایە، لە ئەنجامی ئابلووقەدا، "باکووری عێراق" تەواو گۆد و ناسەقامگیر دەبێ، چونکە ئەو ناوچەیە لە زۆر بواردا، بەتایبەتی وزەو خۆراك، پشتی بە تورکیا بەستووە.**
**جارێ بەر لەوەی لە ئاکامەکانی ئەو رێوشوێنە ورد ببینەوەو بزانین چەندە راستی تێدایە، لەپێشەوە دەبێ ئەوە بگوترێ، ئەو رێوشوێنە ئابوریە ئەگەر بگیرێتەبەر، پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە رەجەب تەیب ئۆردوگان و بەرپرسانی تری حکوومەت لە دوای بڕیارەکەی رۆژی 17ی پەرلەمانی تورکیا، دەیکەن کە گوایا مەبەستی ئەوان تەنیا پەکەکە و خەڵکی "باکووری عێراق" نییە. چونکە سەپاندنی ئابلووقەی ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستاندا، وەکو رێوشوێنێکی زۆرئاسا (قسری) هەم لە چوارچێوەی فشار بۆ هێنان و هەم وەکو ئاماژەیەك بۆ (راگەیاندنی حاڵەتی شەڕ) راڤە دەکرێ. رەنگە ئێستا وەکو دەستاوێژێکی فشار خستنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێ بۆ ئەوەی بچێتە ژێر باری مەرج و داخوازییەکانی تورکیاوە. لێ هەڵوێستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، وەکو لە دوا دیمانەی سی ئێن ئێن-ی ئەمریکیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، نەگۆڕە، کە دژی ئەوەیە شەڕ لەسەر خاکی هەرێم بکرێ و رابکێشرێتە ناوی شەڕی پەکەکەو تورکیا، بۆ لایەنگیریکردنی ئەمیان ئەویان. تا ئێستا بێ لە وتەبێژی حکوومەتی هەرێم، هیچ روونکردنەوەیەك لە حکوومەتی مالیکی دەرنەچووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی هەڕەشەی ئەوەی لە تورکیا کرد، ئەگەر ئابلووقەی ئابووری بخەنە سەر عێراق، ئەوا عێراقیش هەناردنی نەوت بۆ بەندەر جەیهان رادەگرێ.**

**راستە کورد لەم ئابلووقە زەرەرمەند دەبێ، بەڵام بۆ بیر هێنانەوە:**

- **کورد لە دوای 1991-ەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگەی دوو ئابلووقەی گرت: یەکیان ئابلووقەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر تەواوی عێراق و ئەوی تریان ئابلووقەی سەدام بەسەر کوردستاندا.**
- **دەروازەی خابوور، وێڕای گرنگیی ئەو دەروازەیە، تاکە دەروازەی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوروبەر و جیهان نییە.**
- **هەر بۆشاییەك، لەم بارەوە رووبدا، بەحوکمی ناچاری، خەڵکی تر پڕی دەکاتەوەو تورکەکان خۆشیان ئەوەدەزانن. راستە کۆمپانیاکانی تورکیا (600 کۆمپانیا لە هەموو کوردستاندا هەن و هەر لە هەولێر لە کۆی 500 کۆمپانیای بیانی، 380یان تورکین) پشکی شێریان لە هەموو بوارەکانی بینا، رێگاو بان وپرد، خەستەخانە، ئاپارتمان، پرۆژەکانی تری ژێرخان، گازو نەوت.. بەرکەوتووە کە بە نزیکەی 2.8 بلیۆن دۆلار، بەقسەی تورکان خۆیان، مەزەندە دەکرێ و بەهەزاران کرێکارو ئەندازیار و تەکنیکی و وەستای تورك کاریان تێدا دەکەن، بەڵام کۆمپانیای بیانی تر، ئێرانی، عەرەبی و ئەمریکی و رووسی و... یش لە مەیداندان. راستە ئەگەر ئەو کۆمپانیایانە کە کەلوپەلێکی زۆریان لێرە هەیە، بکشێنەوە، بۆ ماوەیەك پرۆژەکان دەوەستن، لێ لە هەمانکاتدا ئەو کۆمپانیایانەش زەرەرێکی زۆر دەکەن، زوو یان درەنگ، بۆشاییەکە پڕ دەبێتەوە و حکوومەتی هەرێم مشوورێکی خۆی دەخوا و تەنانەت کار لە پێوەندیی ئایندەی هەردوولادا دەکات.**

- **راسته له ڕێگەی دەروازەی خابوورەوە، ڕۆژانه بارهەڵگرێکی زۆر بەو دەروازەیه دێنه ناو کوردستان و دەگەڕێنەوە، کە بێگومان سوودیان بۆ هەرێم هەیە، بەڵام هەر بە قسەی ڕۆژنامەکانی تورکیا، نزیکەی 40000 شوفێری بارهەڵگر و تاکسیی تورکی لەو ڕێیەدا کار دەکەن، باریان لەگەڵە خۆدا هێناوەو له چوونەوەشدا نەوت و گازوایلیان بە نرخێکی هەرزان بردۆتەوە، بەکورتی ئەوانە ژیان و بژێویان لەسەر ئەو خەتەیە و تا ئێستا دەرفەتێکی باشی کار بووە بۆ بوژانەوەی ناوچە کوردنشینەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لەسەر ئەو بنەمایەش، حزبی دادو گەشەپێدان لەو ناوچانەدا، کە خەریکبوو دەبوژایەوەو وەبەرهێنانی تێدا دەکرا، دەنگێکی زۆری هێنا. بەکورتی ئەو بڕیارە نارەزایی ئەو ناوچانەی لێ دەکەوێتەوەو لە پارتی داد دەتەکنەوەو ناچار ڕوو لە شاخەکان دەکەنەوە.**
- **لەو ئاڵۆزیی بازرگانییەدا، تورکیا کەلوپەلی خۆی، بەتایبەتی خۆراك و کەلوپەلی ناو ماڵ و ئیلکترۆنیات، کەرەستەی بینا (بەتایبەتی شیش و چیمەنتۆ کە هەندێك دامەزراوەی وەك ئۆیاکی سەر بەسوپا دەستیان تێدایە و بە ملیۆنان دۆلار قازانجی تێدا دەکەن)، جلوبەرگ... بۆ ئێرە ناردووەو بە قسەی ڕۆژنامەکانی تورکیا ساڵانە بایی (3 بلیۆن دۆلار) زۆرتر بووە. بەکورتی کوردستان، بازارێکی کراوەی تورکیا بووەو لەسایەی ئەمەوە چەندین فابریکەو کارگە و بەرهەمهێنەر لە شارەکانی تورکیا بوژاونەتەوەو قەبە بوون. بەمەش ئابووریی تورکیا تووشی، (کساد) دەبێ و هەر زوو کاریگەریی لەسەر نرخی لیرە لە بەرانبەر دۆلار دادەنێ و نارەزایی گەورەی لێدەکەوێتەوە.**
- **ئەو ئاسانکارییەی لێرە بۆ بەرهەمهێنەر و کۆنتراکتەری تورکیا کراوە، لە هیچ شوێنێك نەکراوەو فیکرکردنەوە لە کردنەوەی دەروازەی تر بۆ ناو خاکی عێراق، وەك چۆن لە ڕابردوودا بێ مایە بووە، وێناچێ ئێستاش چانسێکی باشتری هەبێ.**
- **70%ی پێویستیی لۆجستی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لە ڕێگەی دەروازەی خابوورەوە دابین دەکرێ. کەواتە ئاسان نییە، حکوومەتی تورکیا ئەو ڕاسپاردەیە پەسند بکا، چونکە پێوەندییەکانی ئەمریکا-تورکیا ئاڵۆزتر دەکا.**
- **حکوومەتی عێراق، کە کورد بەشدارییەکی سەرەکی تێدا هەیە، بەو ڕێوشوێنە ڕازی نابێ و لەلای خۆیەوە ئەویش دەتوانێ، لە بەرانبەردا کاردانەوە بنوێنێ.**

**کەواتە هەر ڕێوشوێنێك کە ڕاگەیاندنی شەڕی لێبکەوێتەوە، هەم بۆ تورکیا و هەم بۆ عێراق و بۆ ئەمریکاش باش نییە. لەناو تورکیا، پرۆسەی چاکسازی و بەدیموکراتیکردن رادەگرێ، شەپۆلی نارەزایی بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا، هەروەکو شرۆڤەکاران دەڵێن، زێدە دەکا. ئیدی بەقازانجی حزبی حوکمڕان نییە، کە ئێستا لە بەرەیەك زێتر لەگەڵ سوپا و کەمالیستەکان لە ململانە دایە، بەدەستی خۆی بخاتە گۆشەیەکەوە. چونکە یەکێ لە پلانە ڕاگەیەنراوەکانی ئەو حزبە ئەوە بووە بایەخ بە بوارەکانی پەروەردە، لەشساغی، وەبەرهێنان و بوژانەوەی ناوچەکوردنشینەکانی تورکیا بدا و لە ڕێگەی چارەکردنی کێشەو ئاریشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، جۆرە (اندماج)ێك لەنێوان دانیشتوانی ئەو ناوچانەو باقی شوێنەکانی تورکیا دروست بکا، لێ ئەو ڕاسپاردەیە و بڕیاری ڕێگەدان بە لەشکرکێشی، تەواوی ناوچەکەی نیگەران کردووە، کەواتە ئەو سەرکێشییانەی سوپای تورکیا دەق بەپێچەوانەی بەرنامەو پلانی حزبی داد و گەشەپێدانە. تەنیا نموونەو ئاماژەیەکی بچووك، لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوودا، بەهۆی بوونی وەفدی عێراقی لە ئەنقەرەو بەردەوامبوونی هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە بۆ خاوکردنەوەی قەیران و ڕێگەگرتن لە لەشکرکێشی، نرخی لیرەی تورکیا لەچاو دۆلاری ئەمریکی بەرز بۆوە. کەواتە ڕەنگە، حکوومەت بۆ پشی-پشیکردن بۆ سوپا، ئابلووقە بخاتە سەر هەندێ کەرەستە، لێ ناکارێ بەیەکجاری ئەو دەروازەیە قەپات بکا!**